# پۆلیسی تورکیا هێرش دەکاتە سەر خۆپیشاندەرانی 8ی مارس

**ئامادەکردنی کەژاڵ حەمە رەشید**
kazhalh@yahoo.com

**ئاژانسی هەواڵەکانی رەویتەر دەلێت:**

**رۆژی یەك شەممە 2005\3\6 پۆلیسی تورکیا لە خۆپیشاندانی 8ی مارس دا دەیان کەسی دەستگیرکرد پاش بەکارهێنانی گازی خەردەل و فرمێسك رێژو لیدانی کێبل و شەق بۆ شکاندنی خۆپیشاندانی پارێزەرانی مافەکانی ژنان.**

**کەناڵیNTV ووتی:**

**گروپێکی 150 کەسی لە ئەستنبول کۆبوونەوە بۆ بردنە پێشەوەی یادی رۆژی نێونەتەوەیی ژنان لە 8ی مارس دا . پاش ئەوەی کە خۆپیشاندەران ئامادەنەبوون بلاوە بە خۆپیشاندانەکەیان بکەن، پۆلیس چوەناوەوەو پەلاماریدان و59 کەسی لێ دەستگیرکردن لەوانە 29کەسیان ژن بوون.**
**وێنەکانی تلفزیۆن هێرشی درندانەی پۆلیسی بۆ سەر خۆپیشاندەران نیشاندا کە بە شەق و کەیبل لە سەر زەوی لیان دەدان. پۆلیسێك هێرشی کردە سەر ژنێك بە کێبلەکەی دەستی و دای بە زەوی دا لەو لاوە پۆلیسێکی تر رادەکات و بە شەق لە دەم و چاوی دەدات.**



**هەروەها NTV ووتی ئۆتۆمۆبیلێکی پۆلیس شکێنرابوو لەلایەن بەردبارانی خۆپیشاندەرانەوە، هەروەها چەند کەس لە خۆپیشاندەران بریندار ببون لەو شەرەدا.**

**ئیسلامیەکانی تورکیا بەلێنیانداوە کە هەلومەرجی ژنان بەرەو باشتر بەرن بە پێی ئەو شێوە یاسایی و داواکراوەی کە یەکێتی ئەوروپا داوای دەکات پێش ئەوەی حکومەت دەست بکات بە باسکردن لەبارەی بە ئەندام بوونیەوە لە یەکێتی ئەوروپادا لە مانگی ئۆکتۆبەردا.**
**رۆژی یەکشەممە کۆمیسیۆنی پەرەپێدانی ئەوروپی (Ollie Rehn) ووتی: تورکیا پێویستە هەولی زیاتر بدات بۆ پەرەپێدانی مافەکانی ژنان ، پاش لێدوانەکەی لە ئەنکەرەی پایتەختی تورکیا لەگەل عبدللە گول وەزیری دەرەوەی تورکیادا.**

**ژنانی تورکیا زۆر بەهرەمەندترن لە ئازادی لە چاو ژنانی وولاتانی تری ئیسلامیدا. بۆ چەندین سەدە دەچێت کە بەهرەمەندبوون لە مافەکانی هەلبژاردن، مەیدانەکانی خوێندن و رۆشنبیری، هەروەها مافی جیابوونەوە لە هاوسەرێتیدا(تەلاق). بەلام یەکسانی ژن و پیاو پارێزراو نیە لە دەستوردا، دین و مەزهەبیش هەمیشە رێگر بوە لەبەردەم مامەلەی یەکسانی ژن و پیاودا.**
**نزیك بە نیوەی ژنانی مالداریکەر (ژنی مال) بە خوونەریتی کەلتوری سوکایەتیان پێدەکرێت و دەچەوسێنەوە. ئەمنستی ئەنتەرناشنال دەلێت سالانە دەیان ژن کوژراون لەلایەن ئەندامانی خێزانەکانیانەوە لەو فەزایەدا کە پێی دەلێن (کوشتاری ناموسی).**

---

**تێبینی: هەرئەم هەواله دوینی 2005\3\6 لە کەناڵی تلفزیۆنی کەنەددی (Global News) بە وێنەوە بلاو بوەتەوە هەروەها لە چەندین کەناڵی تری جیهانیەوە.**